# دیسان کوشتنی ژنان له کوردستان

ئاسۆ حامدی

ئێستا وا خەریکە گرفتی کوشتنی ژنان لە کوردستان دوای هەوڵوکۆششی دوو دەیە لە خەباتی سوسیالیستەکان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان مەسەلەکە وا بەکۆمەڵایەتی دەبێتەوەو لەم نێوەدا کاتی زێڕین بۆ ڕێکخراوەکانی ژنانە تا بتوانن ڕۆڵی مێژووی خۆیان بینن و بتوانن ببنە پشتیوانی سەرەکی ژنان و پەلکێشکردنی بکوژانی ژنان بۆ دادگاکان و قەفەسی تاوانباران.

پاش کوشتنی دوعا زۆر کەس وای دەزانێ ئیتر تەواو مەسەلەی کوشتنی ژنان بە ئاقارێ دەگات ئیتر هەروا ئاسان نیە، هەر دوای ئەو شەوبۆ و بەنازخانیشی هاتە سەر کە کوردستان لە هەردوو تاواندا هەم داڵدەی تاوانبارانی دا و هەم تاوانەکەی لێکرا، دواتر هەر ڕۆژێ ژنێ دەکوژرێ وەکو جاران.( هەر ڕۆژێ یانی بەردەوام ژن کوشتن هەیە با دەقیق بنوسین)

هەر لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە هەڵدەدەیتەوە یان بەشی کۆمەڵایەتی سایتێکی کوردی تەماشا دەکەی ڕۆژانە یان هەفتانە مەیتی ژنێکی نەناسراو دۆزرایەوە تا کار گەیشتە ئەوە ژن لە سفەییە بکوژرێ ( گوندی سفەییە ناسراون بە بەڕیزی زۆر بۆ ژنان و ژنان بەهرەمەندن لە ئازادی کارو ژیانیاندا و ئەم گوندە نزیکە لە ئاسکی کەلەک و خەڵکەکەی زۆربەیان کاکەیین) تا کارگەیشتە ئەوەی لە خانەقینیش کچێکی منداڵ بەربارانبکرێت. نەک هەر ئەمەش لە سلێمانی و هەولێرو دهۆکیش (ژن و کچ) و ژن و پیاو و دۆست و دەستگیران بەیەکەوە لە نێو ئۆتۆمۆبیل وماڵدا دەکوژرێن .

دەسەڵات لە کوردستان لە جیاتی پەیڕەوکردنی یاسا و توندکردن و خۆشکردنی ڕێگا چارەی نەمانی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە هانای بۆ خودی فتوادەرانی بکوژانی ژنان برد کە ئەوانیش دامودەزگاکانی دینین.

ئازادی جنس و عیشق و پەیوەندی لە زۆربەی وولاتانی دونیا هەیە، جگە لە وولاتانی بەناو ئیسلامی ئەویش عەرەبی (ئەگەرچی لە ژێرەوە بە مەلاکانیشەوە هەمووی دڵداری و کاری سێکسی پێش زەواج دەکەن، تەنها لە ڕووکەش دا نا تابووە)، لە ئەندونیسیا کە گەورەترین دەوڵەتی موسلمانە ئاوا نیە، لە هەموو دونیا ئەم مافە هەیە. مرۆڤایەتی سەردەم و ژیان و گوزەران و نەسلی مرۆڤایەتی فەرزیکردووە و غەریزەی جنس بە هۆشیاری وەکو هەموو غەریزەکانی تری گیانداری خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هتد پێویستن.

زۆر ووتار و لێکۆلینەوە لەسەر ئەم بابەتە نوسراوەو بەڕای من دەبێ هەموومان بەردەوام و ڕۆژانە لەم بارەوە بنوسین وتا تەواو ئەم بکوژیەی ژنان ڕیسوا بکرێت و لە ڕەگەوە ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت. ( بۆ زانیاری هەمووان تەنها ژنانی بێ پشتیوان دەکوژرێن، ئەگینا زۆر لە ژنانیش بە پشتیوانی خێزان و کەس و کاریان دەتوانن داوای مافەکانیان بکەن و مافەکانییشیان وەردەگرن و زیاتریش).

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە سەرچاوەی ئەم گرفتە لە گرفتەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی هاتووە.

پیاوسالاری کۆمەڵگا و وجودی ژن لە بەرهەمهێنان و مەوقعیەتی ئەو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان وایکردووە کە پلە دوو بێت. هەر چەندە لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر خاوەن بڕوا نامەو یان ئیمکاناتی ماددی خۆی بێ بەڵام هەر لە ڕیزی دواوەیە، تەنانەت لە حیزب و ساتەکانی ئاڵوگۆڕەکان و هتد. هەر دوای پرسی پێ دەکری. ئەگەرچی لە مێژوودا نموونەی قارەمانی ژنان زۆرە لە خودی کۆمەڵگای کوردستانیش دا. بەڵام ئەمە ڕابردوویەکی جوانە و هیچی تر.

زۆر لە بکوژانی ژنان بریتین لە باوک ، برا ،خەسو، خوشک، ئامۆزا و خاڵۆزا، مێرد و برای مێرد، کەس و کار هتد لە کوشتنی دوعا بەشێکیان خەڵکی سەر جادەو لە کوشتنی بەناز دا خەڵکی بە کرێگیراو بوون، دوای ئەوەی کە دەستدرێژی سێکسیان یشیان لێ کردبوو بە گوێرەی هەواڵی هەندێ لە میدیاکان. ئینجا بە عەزاب کوشتیان. ( بەنموونە کوشتنی ئەو ژنانەی کە کاریان لەش فرۆشیە زۆرجار ئەندامانی خێزانەکەیان نایان کوژن و بەڵکو کەسانی دەوروبەری کاریان ئەنجامی

دەدەن. ئەمە لە هەموو وولاتان هەیە و دەوڵەت مەسولە لە پاراستنی ژیانیان )
جا لێرە من دەمەوێ بە سادەیی دوو هۆکاری تۆزێ تایبەتمەند تر بخەمە ڕوو کە هۆی کوشتنی ژنانە لە کوردستان کە ئەوانیش خۆیان بە شێکی تایبەتن لە گرفتە گشتیەکان.
باوک و براو خوشک و خەسوو ئەوە لەم نێوەدا دەچنە قاغێکی ترەوە بەڵام ئەوانی تر ئەوە پەیوەندی بەم هۆکارانەوە کە دەمەوێ باسیان بکەم .
بکوژانی ژنان (جگە لە باوک و برا و خوشک و خەسو) ئەوا بە کورتی خۆی لە دوو سیفاتی سایکۆلۆژی سێکسی دهگرێتەوە ئەویش سادی و ماسۆشی یە.

زۆربەی لاوانی کوردستان کەبتی جنسیان هەیە، زۆربەی پیاوانی ئەم وولاتەش سادیستن. ئەم دوو لایەنە وا لە بکوژانی ژنان دەکات تا دەستیان زیاتر بڕوا بۆ تۆڵە کردنەوە لەم عەزابە نەفسیانەیان کە هەیانە، بەڵام هیچ کامیان وا نایدرکێنێ. تەنها لە کاتی کوشتندا نەبێ.
بەنموونە ئەگەر ئەو ژنەی تەنها پەیوەندیەکی خۆشەویستی هەیە ئامۆزای دەیکوژێ چونکە لە گەڵ ئەو خۆشەویستی ناکات ، ئەگەر لەگەڵ ئەو بیکات مەسەلەیەک نیە. زۆر ئامۆزا و خاڵۆزا لەیەک گیر دەکەن و دوای دیزە بەدەرخۆنەی دەکەن، یان بە ئازادی یان بە زۆر خێزان پێکدێنن و مەسەلە کە دەبێتە ڕابردوو.
ئەم دوو سیفاتەی یانی کەبتی جنسی گەنجەکان و سادیستی پیاوان هێرشێکی گیانداریە کاتێ ژنێکی بێ تاوان دەکەوێتە دەستیان، ژنانیش لە زۆرحالەتیاندا ماسۆشین و حەز دەکەن ئازار بدرێن. کاتێ کە خۆشەویستیەکەی ئاشکرا دەبێ هەست بە تاوان دەکات ( کە لەواقع دا بێ تاوانە و دەوروبەر و کۆمەڵگا تاوانباری یان کردووە) و چاوەڕوانی مەرگ و سزا دەکات، بەرگری ناکات دژی کوشتن و لە کاتی کوشتن دا. ئەگەرچی ڕەنگە بڵێن هێزەکان لە ئیرادەی ئەو گەورەترن یان فیزیکی ژن بێ هێزە، ئەمانە ڕاستن ، بەڵام ئەی بۆ پیاوە تاوانبارەکان دیفاع لە خۆیان دەکەن لە بەرامبەر ئەم هەموو هێزە و فیزیکیش بێ هیز بن. دەزانم دەڵێن ئەمەش گرفتێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە لە خۆیدا.
ئەم هۆیانە تەنها تۆزێکە بۆ قووڵ بوونەوە بۆ ناو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان.
( مەبەست ئەوەیە پرۆسەی ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان کۆتایی بێ و خۆزگە ئەم بۆچوونەی من ڕاست نەبێ، تەنها ئەم تاوانانە کۆتایی و بەربەست دەکرا بۆ یەکجاری)
لێرەدا من ڕووم دەکەمە هەموو ئەوانەی کە دڵیان لەگەڵ ئازادی ژنان و چاککردنی کۆمەڵگا لێدەدا بەردەوام بن لە سەر لێکۆلینەوەی دروست و ڕیسوایی تاوانبارانی بکوژانی ژنان. لە ناوەوە دەسەڵات لە کوردستان یش مەسوولە لە ژیانی و ئەمنی مرۆڤەکانی ئەم سنوورە. یا ئەوەتا دەوڵەتی یاسایی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە یان دەبێ ئیجرائاتی یاسای پێ ویست و توند بگرێتە بەر. بۆ دەرەوەش بەنموونە هەقە دەوڵەت لە کوردستان هاوکاری پۆلیسی بەریتانیای یان هەر وولاتێکی تر (ئەگەر پێ ویست بوو) بکات لە سەر مەسەلەی تاوانەکانی کوشتن و کوشتنی ژنان بە تایبەت مەسەلەی شەوبۆخان و بەناز، خۆ کوردستان مەڵبەندی حەشارگەی بکوژانی ژنان نیە؟. تاوانباران نابێ وا بە ئاسانی بۆی دەرچن لە ژێر دەستی دادگادا ئەگەر خانەوادە و کەس و کاریشیان سولحی عەشایریان کرد بەلام خۆ داواکاری گشتی دەبێ حوکمی خۆی بدات و نابێ داواکاری گشتی ئەمن و ئارامی وولات بخاتە دەست سولحی عەشایری. ئەگەر هەموو گرفتەکان بە سولحی عەشایری کران ئەوکات دەبێ وولات بە سۆمال بەراورد بکەین.

هەموو ئەوانەی کە کەسی نزیکی قوربانیانن بە تایبەتی باوک و دایک و خوشک و برا لە دوای کوشتنی ئەندامێکی خێزانەکەیان، ئەوا پەشیمان دەبنەوەو دەڵێن پێیان کردین یان لە دەستمان نەبوو، هەر ئەمەش ئەم لایەنە سایکۆلۆژیە دەسەلمێنێ . ئیستا جەنابی ئاغا (باوکی بەناز) لە زیندانی بریتانیا یاساکانی بەریتانیای مافی کچەکەی لە باوکی دەسەننەوە. ڕەنگە داواکاری گشتی بەریتانیایی و کوردستان هەر گوناحە بەیەک بەراورد بکرێت. (داوای لێبووردن لە داواکاری گشتی بەریتانیای دەکەم). بەڵام دەبێ دەوڵەت لە کوردستان بە ئەرکی خۆی هەلسێ و ڕێکخراوەکانی ژنان

سەرەڕای هەموو کەم و کوڕی هەیانە دەبێ ئەمە ڕوون بکەنەوە. لەم هەنگاوەتان ژنانی ستەمدیدە ئێوە تەنها نین.

تەنها بۆ بیر هێنانەوەیە و هیچی تر؛

قوربانیانی ژنان لەم 16 ساڵەی دواییدا بە گوێرەی ئامارەکان بە ژمارە لە قوربانیانی هەموو تاوانەکانی هەڵەبجە و شەڕەکانی برا کوژی نێوان پارتی و یەکێتی لە 1994–1998 بە گرتنەوەی 31 ئابی 1996 هەولێر لە لایەن لیوای حەرەس جمهوری و دەستراکێشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەقینەوەکانی 1ی شوبات لە هەولێر و پێش وەزارەتی ناوخۆ و مەخمور و تەقینەوەکانی کەرکوک هەموویان زیاترە. ئەگەر وابڕوا لە ئەنفال یش کە بە 182000 قوربانی مەزەندە کراوە زیاتر دەبێ، ڕۆژان دەڕوا و لە کوردستانیش ژنان دەکوژرێن. بەڕاستی شەرمەزاریە بۆ دەسەڵاتی کۆمەڵگایەک کە دەیەوەێ ئازاد بێت و ببێتە نموونەی دەوڵەتێکی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەکورتی پاراستنی گیانی ئینسانەکان بەشێکە لە پاراستن و گەشەدان بە ئەمنی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێکدا. بەداخەوە ژنان هەروا قوربانین و ئەمەش ڕوویەکی گەشە لە نیشاندانی بێ بەرنامەیی بۆ گەشەدان بە ئەمنی نەتەوەیی بۆ وڵات. ئێمە خوازیارین بە لێپرسراویەتیەوە سەیری ئەم گرفتە کۆمەڵایتیە بکرێت و کۆتایی بەم دیاردە قێزەوەنە بێت. ئەگینا هەرگیز کۆمەڵگا ناتوانێ نموونەی مۆدێرنزم بێت و ئێمەش لێپراسراویەتی دەخەینە ئەستۆی دەسەڵات و ئەرکەکانیان. ئەگەر دەسەڵات عاجزە لەبەردەم چارەی ئەم گرفتە ئێمە ئەڵتەرناتیڤی واقعی مان هەیە.

ئاسۆ حامدی

ئابی 2007